**لەم دیمانەیەدا هونەرمەند نزار سەلامی باس لە کارە درامیەکانی مانگی رەمەزان و چۆنییەتی بینینی رۆڵ و هۆکارەکانی پێشخستنیان دەکات، هەروەها باس لە بوونی زنجیرە دراما دۆبلاژکراوەکان و کاریگەرییان لەسەر درامای کوردی و چۆنییەتی خزمەت گەیاندن بە کۆمەڵگای کوردستان دەکات**

*** ئێستا خەریکی چیت و چی نوێت هەیە؟**

- فیلمێکی سینەماییم ئامادەیە بۆ نمایش کردن کە بڕیاروایە بەم نزیکانە نمایش بکرێت، بەڵام تا ئێستا دیار نییە لە کوێ نمایش دەکرێت.

*** ئەی بۆچی لە مانگی رەمەزان لە هیچ بەرهەمێك دەرنەکەوتیت؟**

- لە راستیدا سەرقاڵی کاری کۆمپانیا بووم، هەرچەندە هەندێك پێیان گوتم بۆ بەشداری کردن لە چەند کارێکدا، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆم حەزم نەکرد، بڕیارمدا لە هیچیان بەشدار نەبم.

*** لەبەر ئەوەی بەشداریت نەکرد وەك ئەکتەر،وەك بینەرێك دراماکانی رەمەزانت چۆن بینی ؟**

- هەڵبەت دیارە لە هەر شوێنێك چۆن کاری باش هەیە بەم شێوەیە کاری خراپیش دەبێت، سەبارەت بە دراماکانی مانگی رەمەزان خۆشحاڵم کە ئەم ساڵ کارەکان خراپ نەبوون و ئاستیان باش بوو، دەستخۆشییان لێدەکەم، هیوادارم بتوانین بەردەوام درامای باش پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی خزمەتی بینەرانمان بکەین.

*** پێتوایە ئێستا تەنیا لە مانگی رەمەزان درامای کوردی بەرهەم دەهێنرێت؟**

- ئەمە راستە، بەڵام تا ئێستاش کۆمپانیاکانمان لە توانایاندا نییە بتوانن ساڵانە ٣-٤ دراما بەرهەم بهێنن سەرەڕای ئەوەی ئێمە خاوەن کادیری باشین لە هەموو روویەکەوە، خۆشحاڵین کە ئێستا وردە وردە کۆمپانیاش هەیە کە لەم بوارەدا کار دەکات و جێگای خۆیەتی دەستخۆشییان لێ بکەین.

*** پێتوایە بۆ ئێستای کوردستان بەرهەمهێنانی دراما زیاتر کاری کۆمپانیاکانە یان کاری کەناڵەکانە؟**

- بەرای من پێش هەموو شتێك پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری رێخۆشکەر بێت بۆ ئەو شوێنانەی کە دراما بەرهەم دەهێنن، دواتر پێویستە کەناڵەکانیش لەو بوارەدا هاوکار بن، چونکە بەرهەمهێنانی دراما کارێکی ئاسان نییە.

***بۆچی خەڵك سەیری درامای بیانی دەکات بە دۆبلاژ کەچی پشتیان لە درامای کوردی کردووە وئامادە نین بینەری بن؟**

- هەندێك دراما هەیە تەنیا مەبەست لێیان کۆکردنەوەی پارەیە ئەگینا لەرووی هونەرییەوە هیچ بنەمایەکی هونەری تێدا نییە لە هەمان کاتدا هیچ خزمەتێك بە ئێمە ناکات، هەروەها دەمەوێ ئاماژە بە شتێك بکەم ئەویش ئەوەیە هەندێك هەڵە لەو درامایانەدا هەیە لە دراما کوردییەکاندا هەبوایە شار بە دەریان دەکردین و تا یەك ساڵ رەخنەیان لێدەگرتین و هەرایان



## نزار سەلامی:

# هەندێک دراما دۆبلاژکراوەکان بۆ پێشکەش کردن ناگونجێن

لەسەر دەکردین، ئاشکرایە کە دراما کوردییەکان ئاستیان لە زۆر لەو کارانە بەرزترە کە نمایش دەکرێن، بۆیە پێموایە هەندێك دراما هەیە بۆ نمایش کردن ناشێت و پێویستە فلتەرێك هەبێت بۆ ئەوانەی نمایش دەکرێن، ئەگینا کاری زۆر نزمتر لەوانەی ئێستا نمایش دەکرێن کە ئەمە بۆ نەوەکانی ئێمەش باش نییە و فێرە شەڕ و شمشێر دەبن ئەمانەش خزمەت بە ئێمە ناکەن، هەروەها ئەگەر تەرکیز بکەینە سەر بازاڕەکان دەبینین لە یاریی منداڵان زیاتر شمشێر دەفرۆشن و منداڵانیش زیاتر حەز لە کڕینی جلوبەرگی یابانی دەکەن.

***تۆ خۆت تا چەند بینەری زنجیرە دراماکانیت؟**

- لەبەر ئەوەی کاتم نییە زۆر کەم سەیریان دەکەم، هەروەها حەز بە سەیر کردنیشیان ناکەم.

***قەت داوات لێکراوە بە دەنگ بەشداری هیچیان بکەیت؟**

- بەڵێ لە زنجیرە درامای (جەنگیز خان) داوام لێکراوە بەشدار بم، بەڵام رێك نەکەوتین.

*** ئەی ئەگەر ئێستا داوات لێ بکرێت بەشداری دەکەیت یان نا و بۆچی ؟**

- بۆ نا، ئەگەر کارەکە جوان بێت و بزانم خزمەت بە کۆمەڵگای کوردی دەکات.

***رەخنەیەك ئاراستەی ئەکتەرانی کورد دەکرێت گوایە وەك پێویست ناچنە نێو قووڵایی ئەو رۆڵانەی دەیبینن و جۆرێك لە تەسەنوعیان پێوە دیارە، رات چییە بەرامبەر بەو رەخنەیە؟**

- هەڵبەتە کە هەندێك جار ئەو قسانە دەکرێن راستە، بەڵام ئەوە دەکەوێتە سەر رۆڵ بینینی ئەو ئەکتەرە لەگەڵ ئەو دەرهێنەرەی کاری لەگەڵدا دەکات، ئەگەر بتوانم باسی خۆم بکەم هەوڵمداوە ئەو رۆڵەی کە دەیبینم زۆر لە کەسایەتیی خۆم نزیك بکەمەوە، هەروەها هەوڵمداوە کە نواندن بکەم بەجۆرێك کە زۆر ئاسایی بێت و تووشی شڵەژان نەبم، جا چەند تێیدا سەرکەوتوو بووم ئەوە جێگای خۆشحاڵییە و هیوادارم پەیامی خۆم گەیاندبێت.

*** لە شانۆ و دراما و سینەمادا لە کامیان زیاتر ئێمە پێشکەوتووین ؟**

- پێموایە لە هەرسێ بوارەکە هەنگاوی باشم ناوە و کارەکانم خۆیان دیارن، ئەوەشمان بیر نەچێت ئێمە ساڵانە فیلمەکانمان لە وڵاتان بەشدار دەبن لە فیستیڤاڵەکان و خەڵاتیش بەدەست دەهێنن، ئەمەش جێگای شانازییە بۆ هەمووان، چونکە ئەو فیلمانە بە ناوی کوردەوە بەشدار دەبن، وەك دراماش کاری باش کراوە و دەکرێت، سەبارەت بە شانۆش ئەوە لەبەر چاوە کە چالاکی باش هەیە و بە هەمان شێوەی سینەما لە وڵاتانی دەرەوە و لەفیستیڤاڵەکانیش بەشداری دەکەن.

***ئایا نزار سەلامی بیر لەوە دەکاتەوە رۆژێك لە رۆژان رۆڵێکی کۆمیدی ببینێت ؟**

- تا ئێستا پێشنیاری لەو جۆرەم پێشکەش نەکراوە بۆیە ناتوانم لە ئێستادا هیچ بڵێم، بەڵام ئەگەر کارێك بێت بتوانم لە رێگایەوە خزمەت بە سینەما و درامای کوردی بکەم ئەوا خۆشحاڵ دەبم کە بتوانم بەشداری بکەم، بەڵام کۆمیدیا بە مانا تەواوەکەی.

***بۆچی لە کۆمیدیاش، نەمانتوانیوە بگەینە ئاستێکی بەرز؟**

- چونکە من لە کۆمیدیا بەشداریم نەکردووە، بۆیە ناتوانم هیچ شتێك بڵێم لەسەر ئەو بابەتە، بێگومان لە بواری کۆمیدیاش کار کراوە، بەڵام لە چ ئاستێکە ئەوا بینەر دەتوانێت بڕیاری لەسەر بدەن، پێم باشە راپرسی لەسەر ئەو کارانە بکرێت بۆ ئەوەی هەموو لایەك بزانن لەچ ئاستێکدایە و ئەو فیلم و درامایانەی کە بینەر بینویانە و بۆچوونیان دەربارەی هەبووە دەکرێ قسە وباسی لەسەر بکەین.

*** لە سینەما و درامادا بەشداریت هەبووە ئایا لە کامیان زیاتر خۆت دەبینییەوە؟**

- بە خۆشحاڵییەوە جەماوەر رازی بوون لەسەر کارەکانمان لە هەردوو بوارەکەدا کە تا ئێستا بەشداریم تێیدا کردووە.

*** ئەی لە شانۆ؟**

-لە شانۆدا کارم نەکردووە و تا ئێستاش بیرم لەوە نەکردۆتەوە لە شانۆدا بەشداری بکەم.


***ئەی لە ریکلامدا بەشداریت کردووە؟**

- پێم وتراوە و داوام لێکراوە و نەمکردووە، بەڵام ئەگەر ریکلامەکە باش و پەسەند بێت ئەوا بەشداری تێدا دەکەم، بەلامەوە ئەمە زۆر ئاساییە و لە هەموو دنیادا ئەمە هەیە و منیش رەتی ناکەمەوە، بۆ بەشداری کردن لە پێشکەش کردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنیش بە هەمان شێوە، ئەگەرچی پێشکەش کردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی کارێکی ئاسایی نییە و هەوڵ و ماندووبوونی پێویستە.



## شارۆن وەک خەڵکی ئاسایی منداڵەکانی بەخێو دەکات

وا پێدەچێت جیاوازتر لە زۆربەی ئەستێرە ناودارەکانی سینەما، شارۆن ستۆن ژیانێکی ئاسایی وەك هەر دایکێکی دیکە بەسەربەرێت و منداڵەکانی پەروەردە بکات و کاریگەریی سینەما و ناوبانگ و فیلم و ستۆدیۆکانی زۆر بەسەرەوە دیار نەبێت. شارۆنی تەمەن ٥٥ ساڵ کە دایکی سێ منداڵی تەمەن ٧ و ٨ و ١٣ ساڵانە، سوورە لەسەر ئەوەی وەك دایکێکی ئاسایی ژیان بەسەر بەرێت بۆیە نایەوێ خۆی توند نیشان بدات بەرامبەریان و بەردەوام سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆیان دەردەبڕێت بۆ ئەوەی هەست نەکەن دایکیان لەبەر فیلم و سینەما فەرامۆشی کردوون، ستۆن لەم بارەیەوە دەڵێت: من دایکێکی جوانم لەگەڵ منداڵەکانمدا بۆیە مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵدا دەکەم، رۆژانە چاوەڕێیان دەکەم بۆ ئەوەی بە یەکەوە نان بخۆین، بەڵام بەر لە هەر شتێك چاودێرییان دەکەم بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خوێندنیان کە بە لای منەوە زۆر گرنگە. شارۆن لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (HELLO) ئەوەشی ئاشکرا کرد هەمیشە ئەو کارانە ئەنجام دەدات کە منداڵەکانی وەك دایکێکی باش سەیری بکەن و رێزی بگرن، منداڵەکانم هەندێك کار ئەنجام دەدەن کە دەیانەوێت لە رێی ئەم کارانەوە وانیشان بدەن کە رێز لە خۆشەویستیی من دەگرن، بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن رازیم بکەن.





## سیلین دیون کۆشکەکەی بە ٧٢ ملیۆن دۆلار دەفرۆشێت

سیلین دیونی گەورە گۆرانیبێژی جیهانی رایگەیاند کۆشکە تایبەتەکەی خۆی لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکی نمایش کردووە بۆ فرۆشتن و بڕیاریداوە لەمەودا لە لاس ڤیگاس ژیان بەسەر بەرێت.

سیلین داوای نرخی کۆشکەکەی بە ٧٢،٥ ملیۆن دۆلاری مەزەندە کردووە، چونکە دەیەوێ لە لاس ڤیگاس کار بکات و لەگەڵ هاوسەر و سێ منداڵەکەی ژیان بەسەر بەرێت و نایەوێ چیتر دوور لە خانەوادەکەی بژێت کە زۆر جار بە هۆی ئەنجامدانی کاری هونەری نەیانتوانیوە بە یەکەوە بن.

سیلین دیون بەر لە چەند ساڵێك ئەم کۆشکەی بە بڕی تەنیا ١٢،٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کڕی بوو، بەڵام چەند گۆڕانکارییەکی لە کۆشکەکەدا ئەنجامدا و لە زۆر لایەوە نۆژەنی کردووە و چەند شتێکی نوێی بۆ کۆشکەکە زیاد کرد، گرنگترینیان بریتی بوو لە دروستکردنی پارکێکی گەورە بۆ ئەنجامدانی یاریی ئاوی.

# سۆنا کاپور دژی توندوتیژی دەوەستێتەوە



رووداوی دەستدرێژیی کردنە سەر کچە وێنەگرێکی رۆژنامەنووسی لە مۆمبای، سەرتاپای هیندستانی تووشی شۆك کرد و تووڕەبوونێکی بێ وێنەی لێکەوتەوە و وەك نارەزاییەك بە هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقامەکان دژی تاوانباران.

سۆنام کاپوری ئەستێرەی سینەمایی کە یەکێك بوو لە بەشداربووانی خۆنیشاندەران زۆر بە تووڕەیی لە پارکێکی مۆمبای رەخنەی لە بەرپرسە حکومیەکان گرت و بێزاری و تووڕەبوونی خۆی نیشان دا سەبارەت بەم رووداوە و داوای دادپەروەری و یەکسانی دەکرد، سۆنام بە جۆرێك تووڕە بوو کە بیری چووبوو مکیاژ بکات و پێدەچوو بە پەلە هاتبێتە دەرەوە. سۆنام لە تویتەر نووسیبووی: ئەم رووداوەی مۆمبای مایەی شەرمەزارییە بۆ هەموومان، بە راستی منی تووشی شۆك کرد). شایەنی باسە زیاتر بەر لە مانگێك کچە رۆژنامەنووسێکی تەمەن ٢٣ ساڵ لە مۆمبای تووشی دەستدرێژیی سێکسی بە کۆمەڵ بۆوە لەلایەن ٥ کەس، ئەم کچە رۆژنامەنووسە کە لە گۆڤارێکی هیندی کار دەکات سەردانی ناوچەیەکی پیشەسازی کۆنی کرد لە مۆمبای و لەوێ تووشی ئەم دەستدرێژییە بۆوە، رووداوەکە بووە مایەی تووڕە بوونی ئافرەتان و چالاکوانانی بواری ئافرەت لە سەرتاسەری جیهان و بەتایبەتیش لە هیندستان، چونکە مۆمبای بە ئارامترین و سەلامەتترین شار دادەنرێت بۆ ئافرەتان لە هیندستان و زۆر بە دەگمەن ئەم جۆرە رووداوانەی تێدا روودەدەن.

# مەریەم ئۆزیرلی: هویام دووبارە ناکەمەوە



خانمە ئەکتەری تورکی مەریەم ئۆزیرلی بە دووری دەزانێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ زنجیرە درامای (حریم السلطان) ئەمەشی بۆ چەند هۆکارێکی تایبەت گەڕاندەوە کە هەندێکیان پەیوەستن بە باری تەندروستییەوە.

مەریەم ئۆزیرلی بە رەچەلەك ئەڵمانی ئێستا لە بەرلینە بۆ وەرگرتنی چارەسەری لە نەخۆشی شەکەتی کە ماوەیەکە تووشی بووە، هویام لە بارەی نەخۆشییەکەیەوە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەیەکی تورکی دەڵێ: رۆژانێکی زۆری چارەسەرەکە کۆتاییان هاتووە و بەشێکی کەمی چارەسەرەکە ماوە، بەڵام تا کۆتایی ساڵ لەسەر چارەسەرەکە بەردەوام دەبم، من ئێستا زۆر باشترم و ناچار بووم قژم ببڕم، ئێستا من سوڵتانە هویام نیم و گەڕاومەتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆم و دووبارە توانیم پایسکلسواری بکەم، سەبارەت بە دووبارە گەڕانەوەی بۆ تورکیاش دەڵێ: رەنگە لە ساڵی داهاتوودا بگەڕێمەوە تورکیا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك جارێکی تر نابمەوە (سوڵتانە هویام) و زۆریش خۆشحاڵم کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرم و خەڵکی منیان خۆشدەوێ، چونکە من ترسی ئەوەم هەبوو بە هۆی ڕۆڵەکەوە خەڵك رقیان لێم بێت و حەز بە بینینم نەکەن.

# ئەمیتاب باتشان: پیاوێکی تەم

**هونەرمەندی ناوداری هیندی ئەمیتاب باتشان لە ١١ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٤٢ لە الله ئاباد لەدایك بوو، یەکەم فیلمی بە ناوی (Saat Hindustan) بوو، لە ساڵی ١٩٦٩ دوای بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر بەهێزەوە چووە ناو پەرلەمان، بەڵام سەرەڕای لێهاتوویی و شارەزایی لە بواری سیاسەتدا خۆی لەم بوارەدا نەدۆزییەوە وەك ئەوەی بڵێی بۆ هونەر خوڵقاییێت هەر لەبەر ئەوەش وازی لە کورسییەکەی هێنا و گەڕایەوە نێو بواری هونەری و هەوادارانی سینەمای هیندی. ئەمیتاب لە بواری سینەمادا هەست بە ئارامییەکی زۆر دەکات تەنانەت کاتێك ژیانی هاوسەریشی پێکهێنا لە دەرەوەی هونەر نەبوو، هاوسەرەکەی هونەرمەند (جیا) یە کە بە رۆڵە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووەکان ناسراوە و لە لایەن جەماوەریشەوە زۆر خۆشەویستە، ئەمیتاب کوڕێك و کچێکی هەیە، کوڕەکەیشی لەسەر ڕێڕەوی باوکی بەردەوام بوو لە جیهانی هونەری تا وای لێهات بە شای بۆلیۆد ناسرا، لە دیمانەیەکدا ئەمیتاب باسی لە چەند پرسی هونەری و تایبەتی خۆی دەکات.**

*** تۆش یەکێکی لەو هونەرمەندانەی کە بە هەر شێوەیەك بێت رووتان لە سیاسەت کردووە، ئایا ئەمە بڕوا بە خۆبوونە یان قۆزتنەوەی خۆشەویستیی جەماوەرە؟**

- من سەرکەوتوو نیم لە سیاسەتدا و هیچ کاتێکیش وەك پێویست لەو مەیدانە شارەزا نەبووم، تەنیا لەبەر سۆز و خۆشەویستی سەرۆك وەزیرانی کۆچکردوو راجیف گاندی و ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوانماندا هەبوو رووم لە سیاسەت کرد و بیر لەوەش ناکەمەوە جارێکی تر روو لەو بوارە بکەمەوە.

*** یەکێك لەو نازناوانەی کە بە تۆ بەخشراون (ئیمپراتۆر) بوو هەست بە چی دەکەیت و ئایا تۆ ئیمپراتۆریت؟**

- ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کاتێك ئەو نازناوەی بە من بەخشی، هەرچەندە من ئیمپراتۆر نیم.

***کۆمپانیای (he floated) بە بارێکی دارایی سەختدا تێپەر دەبوو و خەریك بوو ئیفلاس بوونی خۆی رابگەیەنێ، بەڵام لەناکاودا بارودۆخی گۆڕا پێت وایە ئەمە چۆن بوو؟**

- کاتێك من هاتمە کۆمپانیاکە بڕوای من بە بەڕێوەبەرەکانی زیاتر بوو کە پێشتر لەوێ بوون، بەڵام بە بڕوا بەخۆبوون مرۆڤ دەتوانێت هەموو کارێك بکات ئەگەر هەرچەند زەحمەت و قورسیش بێت.

*** تۆ یەکێکی لە ئەستێرە سینەماییە دەگمەنەکانی هیندستان کە لەگەڵ چەندین نەوە کارت کردووە و ئێستاش بەردەوامی بە هەمان ورەی جارانەوە، نهێنی ئەمە لەچیدایە؟**

- تا ئەو رۆژەی توانام هەبێت بەردەوام دەبم، من زۆر دڵخۆشم بەوەی تا ئێستاش رۆڵی سینەمایی گەورەم پێشکەش دەکرێت هەرچەندە لەرووی کارکردنەوە بە سی ساڵ لە هەندێکیان گەورەترم، ئێستا هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم، چونکە پیاوێکی تەمبەڵ نیم و حەز لە دانیشتن ناکەم.

*** زۆر کەس ئەوانەی شارەزای تۆ بوون دەڵێن کەسێکی خۆش باوەڕ و دڵسافە ئەمە تا چەند راستە؟**

- نازانم و ناتوانم وەسفی خۆم بکەم، دەبێ خەڵك حوکم لەسەر ئەوە بدات.

*** ئەمیتاب کەی پەست و خەمبار دەبێت؟**

- هەندێك کات هەبوون کە تێیدا هەستم بە دڵتەنگی دەکرد، بەڵام ویژدانم رێگای پێنەدام ئیفلاس بوون رابگەیەنم، زۆر بە جددی کارمان کرد و قەرزەکانمان دایەوە، من بڕوایەکی زۆرم بەوە هەیە کە خوا بۆی نووسیوم، لە هەمان کاتدا بڕوای تەواوم بە تواناکانی خۆم هەیە.

*** ئایا راستە کە سینەمای هیندی کۆپی کراوەی سینەمای رۆژئاوایە و هەرچییەك لەوێ هەبێت ئێوە لە هیندستان دووبارەی دەکەنەوە بە شێوازی خۆتان؟**

- من پێموایە ئێمە تەقلیدی رۆژئاوا ناکەین، سیستەمی پەرلەمانی ئێمە بەشێوەی بەریتانی دامەزراوە و تا ئێستاش هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، سینەمای هیندی تاکە شتە لە هیندستان کە هیچ شتێك کاری تێنەکردووە، چونکە هەموو شتەکان لە رەوشت و فەرهەنگ و زانستی ئەفسانەکانمانەوە وەرگرتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر بزانین هەر شتێك لە دەرەوە هەیە و سوودی ئێمەی تێدایە وەری دەگرین.

*** بۆچی رەخنەت لەو کەسانە گرت کە پێشبینی ئەوەیان کردبوو فیلمی هیندی خەڵاتی ئۆسکاری رۆژئاوایی بەدەست بهێنێت؟**

- پێویستە بە پێوەری

رۆژئاواییی حوکم لەســەر فیلمەکانمان نەدەین، ژمارەی ئەو کەسانەی سەیری فیلمی هیندی دەکەن و حەزی لێدەکەن زۆرە ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی ئەم فیلمانە لە هەمووماڵێکی جیهان.

*** چــۆن وەڵامی ئــەو رەخنانە دەدەیتەوە کــە دوای ژنهێنانی کورەکەت ئاراســتەت کرابوون بەتایبەتی کە ئەســتێرەکانی بۆلیۆدت بانگهێشت نەکردبوو بۆ ئاهەنگەکە؟**

-پڕوپاگەندەو رەخنــە بەلای منەوە گرنگ نییــە، کاتێــك لەســەرەتای کاروانی هونەری بــووم بەلامەوە گرنگ نەبوو ئێستا چۆن گرنگی پێدەدەم.

## ـــبەڵ نیم و حەز لە دانیشتن ناکەم

